# کۆمەڵگەی ژنکوژ

**عەزیز ڕەئووف**
azizrauf2003@yahoo.com

**ناسین و زانینی کێشەکانی ژن لانی کەم ئەو بەهەشتە درۆزنانەمان لێدەستێنیٚ کە وا دەزانین لەناویدا دەژین.**
**ڕێبین هەردی**

دوای ڕاپەڕین سەرەتای دەرکەوتنی سەردەمێکی تەواو ئاڵۆزە. لەم سەردەمەدا تێکەڵەیەك هەیە لە نێوان سەرهەڵدانی فەندەمێنتالیزم و کرانەوە بەڕووی جیهاندا، سەرهەڵدانی چەندین ڕێکخراوی ناحکومی بۆ داکۆکیکردن لە خواستەکانی ژنان و کردنەوەی چەندین دیوەخان فراوانبوونی پایەکانی خێل بۆ سەپرێسکردنی مافەکانی تاکەکەس. دوای ڕاپەڕین چەندە دەسەڵاتی یاسا بوونی هەبێت، دە ئەوەندەش دەرگاکانی سوڵحی عەشائیری بەڕووی کۆمەڵگەدا دەکرێنەوە. چەند لە ماناکانی عەلمانیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی نزیك بینەوە، زیاد لەوەش لە کۆمەڵگەی داخراوو سەلەفیەت و قسەی بەرزی پیاوانی ئاینی نزیك دەبینەوە. دوای ڕاپەڕین مەودایەکی تەواو فراوانە بۆ بێحورمەتکردنی مرۆڤ، بەتایبەتی ژنان. بەڵام ئەوەی باجی وەها دۆخێکی نالەبار دەدات بە پلەی یەکەم ژنانن.
هۆکاری سەرەکی کوشتنی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە بۆچوونی من پەیوەندی بە نەبوونی هوشیاری کۆمەڵایەتیەوە هەیە. لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا پیاوان جوانیەکانی ژنان نابینن، یاخود بەمانایەکی تر پیاوان لە کۆمەڵگەی نەریتپارێزدا هێندە زبرن، بەرائەت و جوانی و سۆزی ژنان هەست پێناکەن. لەپاڵ کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە ئێمە لە قەیرانی دەسەڵاتێکی سیاسیداین کە کەم تا زۆر کار لەسەر ئەوە ناکات کوشتنی ژنان حەرام بکات. دەسەڵاتی ئێمە هەمیشە لە شەهرلعەسەلێکی بەردەوامدایە لەگەڵ خێڵ و پیاوانی ئاین و جامانەی ترادسیۆندا. بەم دەسەڵاتە بیٚ پرۆژەییەوە هەرگیز چانسی ئەوە بە ژنان نادرێت کە کەم تا زۆر هەست بە جۆرێك بە یەکسانی بکەن لەگەڵ ڕەگەزی پیاواندا.
ئێمەی پیاوان لانی کەم فێر نەبووین کە بە شێوازێکی ناسك و نەرم و نیان لەگەڵ ڕەگەزی مێینەدا هەڵبکەین. پیاوی کوردی کائینێکی دەست و پەنجە زبرە کە  هێشتا عەقڵیەتی خێڵەکی فڕێنەداوە. ئەم فەزا ئاڵۆزە لەنێوان سەلەفیەت و پێشکەوتن، یاسا و عەشائیر، دۆخێکی تەواو نالەباری دروست کردووە کە باجی ئەم بارودۆخە نائاساییە بێشك ڕەگەزی مێینەیە. کوشتنی ژنان لە کوردستان پەیوەندی بە نەبوونی یاسایەکەوە هەیە کە ژنکوژ بە سزای خۆی بگەیەنێت. پەیوەندی بە دەسەڵاتێکەوە هەیە کە تاکو ئیستا لەنێوان دیوەخان و ژووری مەحکەمەدا جیاوازیەکی گەورەی نەخوڵقاندووە. ژنکوشتن پەیوەندی بە دۆخێکی نالەبارەوە هەیە کە کۆمەڵگە کەم تا زۆر تاکەکانی فێری پێکەوەژیان نەبووە.
تا مرۆڤ پایە سروشتیەکان بدۆڕێنێت و بێتە نێو شارستانیەتەوە ئەوا شەڕانگێزتر دەبێت. ئەریك فۆرم لە کتێبی"بەناوی ژیانەوە"دا باس لە ئاژەڵێك دەکات کە لەنێو سروشتدا ئازاد بووە و هەرگیز لەگەڵ هاوەڵەکانیدا شەڕی نەکردووە، بەڵام کاتێك ئەم ئاژەڵە دەهێنن بۆ شار و لە قەفەزێکدا بەندی دەکەن، ئیدی فێری دزینی خواردن و شەڕکردن لەگەڵ هاوەڵەکانی دەبێت. ئەم کۆتەیشنەی ئەریك فرۆم ڕێك و ڕەوان بۆ کۆمەڵگەی مرۆیش دەست دەدات. مرۆڤ لەناو سروشتدا کارەکتەرێکی سادە و ساکارەو ناپەرژێتە سەر ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ کەسە نزیکەکانی خۆیدا بکات. بەڵام لە کۆمەڵگەی شارستانیدا دیاردەیەك لە دیاردەکان کەم تا زۆر فۆرمێکی گشتی وەردەگرێت.
شەڕانگێزی مرۆڤ بەتایبەت پیاوان پەیوەندی بە پێشکەوتن یان دواکەوتنی کۆمەڵگەوە نیە. نێرینە هەمیشە ڕۆحێکی شەڕەنگێزی تێدایە. پایەکانی مۆدێرنە و تەکنەلۆژیا گەورەکان کاریگەری لەسەر ڕۆحی شەڕانگێزی پیاوان جێنەهێشتووە. نێرینە بە سروشت کارەکتەرێکی زبرە. ئیدی بەهاتنە نێو شارستانیەتیشەوە ئەم دەست و پەنجە و لەشە زبر و ئەم توندڕەویەی پیاوان کاڵبوونەوەی بەخۆوە نەبینیوە. هەر بۆیە لامان سەیر نەبێت کە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیشدا کوشتنی مێینە بوونێکی ئەکتیڤە. بەڵام جیاوازی لەنێوان کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان لەگەڵ دواکەوتووەکاندا ئەوە هەیە کە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا کوشتن زیاتر فۆرمێکی تاکەکەسی وەرگرتووە، بەڵام لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، ئەو کۆمەڵگانەی کە دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی و ترادسیۆن فراوانە، کوشتنی ژنان فۆرمێکی دەستەجەمعی هەیە. مەبەست لە کوشتن بە فۆرمێکی گشتی ئەوەیە لە کۆمەڵگە نەریتپارێزەکاندا سەرجەم نێرینەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ژن لەسەر شەرەف بکوژن.

نەریت و ئاین و چەمگەلی وەك ئەخلاق و شەرەف لە كۆمەڵگەی كوردیدا هێندە پایەیەكی بەهێزیان هەیە كە ڕێكخراوەكانی ژنان لە كۆمەڵگەی كوردیدا بە كۆكردنەوەی كۆمەڵە ژنێك لەدەوری خۆیان و دەركردنی چەند ژمارەیەك ڕۆژنامە لەحەقی ئەو كەلتورە شەڕانگێزە نایەن. جیاكاری ڕەگەزی لەكۆمەڵگەی كوردیدا بە ڕێكخراوەكانی ژنان كاڵ نابێتەوە. ئەو كەلتورە پێویستی بە گۆڕانی ڕیشەیی هەیە. ڕێكخراوەكانی ژنان دێن و كوشتنی ژنێك دەكەن بە هەواڵ و مانشێت و یاخود جەستەی سوتاوی ژنێك وێنەدەگرن و لە ڕۆژنامەیەكی ژناندا بڵاوی دەكەنەوە. هەرگیز بەم جۆرە چالاكیانە كێشەی ژنان و جیاكاری ڕەگەزی چارەسەر ناكرێت. ڕێكخراوەكانی ژنان دەبێت شەرم لەوەنەكەن كە بە ئاشكرا هۆكاری كوشتنی ژنانمان پێبڵێن. ڕێكخراوەكانی ژنان وەك هەر ڕێكخراوێكی تری گەنجان و مامۆستایان و ئەندازیاران و كرێكاران و.... هتد هەن و قەبارەیەكن و بۆشاییەكایان داگیر كردووە. لەوەتی ڕێكخراوەكانی ژنان هاتوونەتە مەیدان نەك هەر كوشتنی ژنان كەمی نەكردووە بەڵكو ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندایە.

ڕێكخراوەكانی ژنان بەر لەكاری مەیدانی و ڕاپرسی پێویستیان بە كاركردنە بە فۆرمێكی تیۆری. ڕێخراوەكانی ژنان نابێت شەرم لەوە بكەن كە پیاوانی ئاینی و خێڵ لە كارەكانیان زویر دەبن یان نا. ئەوان لەیەككاتدا دڵی دەسەڵات و پیاوانی ئاینی و خێڵ و تەنانەت ڕۆشنبیرانیش ڕازی دەكەن و نایەن كار لەسەر ئەو كەلتورە شەڕانگێزە بكەن كە دەستی هەیە لە كوشتنی ژناندا. نایەن پرسیار بكەن پیاوانی ئاینی و پیاوانی خێڵ چ ڕۆڵێكیان هەیە لە پەرەسەندنی كوشتنی ژنان لە كۆمەڵگەی كوردیدا. من گومانم هەیە بە وەها ڕێكخراوگەلێك كێشەی ژنان بەرەو چارەسەركردن بچێت و كوشتنی ژنان كەم بێتەوە.